Digitally signed by Kurdistan Net
cn=Kurdistan Net, ou=Copyright 2000 Kurdistan Net, All rights reserved, o=Kurdistan Net, c=NL
Date: 2002.06.29 11:50:07 +03'00'
Reason: Kurdistan Net Neti Hemwane

# راگەیاندنی کۆمەڵەی کوردستانی لە ئیسکلیستونا / سوید

لە رۆژی ١٩-٠٦-٢٠٠٢ دا کۆمیتەی کارگێری کۆمەڵەی کوردستانی و، نوێنەری کۆمەڵەی بابیلۆن لە ئیسکلیستونا کۆبوونەوەیەکیان لە گەڵ بەرپرسی " کەمپی فلێن " و ، چەند لێپرسراوێکی تر سازدا. لەو کۆبوونەوەیەدا تەوەری سەرکی باسکردنی بریارەکەی حکومەتی سوید بوو بە گەرانەوەی (٤٠٠٠) کوردو ئاشوری و کلدان بۆ کوردستان. کۆبوونەوەکە بە شێوەیەکی چرو خەست باسی بارگرانی ئەو ژمارە خەڵکە کە داوای پەنابەری دەکەن کرد. نوێنەرانی هەردوو کۆمەڵەکە بەرامبەر بە بریارەکەی حکومەتی سوید نارەزایی خۆیان دەربری و، باسی بارودۆخی هەنووکەیی کوردستانیان بۆ بەرپرسەکانی بەرێوبەرایەتی دەزگای پەنابەری کردو ، هەروا بۆچوونەکانی خۆیان سەبارەت بە مانەوەی ئەو خەڵکە خستە روو. بەڵام بە داخەوە ئەوان لە وەڵامدا وتیان : حکومەتی سوید لە سەر جێ بەجێ کردنی بریارەکەی بۆ دەرکردنی ئەوانەی داوای پەنابەرێتی دەکەن سوورە !.

بەرپرسەکانی بەرێوبەرایەتی دەزگای پەنابەری وتیان چەندان شاند سەر بە دەزگاکانی پەنابەرێتی لە سوید سەردانی کوردستانیان کردووەو ، لە نزیکەوە بارودۆخی کوردستان دەزانن و !، لە سەر رۆشنایی بارو دۆخی کوردستان و، لە لایەن خۆیانەوە ئەو بریارەیان وەرگرتووە.

نوێنەرانی کۆمەڵەی کوردستانی و ، کۆمەڵەی بابیلۆن لە ئیسکلیستونا هەوڵ و کۆششیان کرد بە نیازی یارمەتیدانی ئەو کەسانەی داوای پەنابەرێتی دەکەن و، لە کۆتاییدا داوایان لە بەرپرسەکانی دامودەزگای پەنابەرێتی کرد بۆ ئەوەی یارمەتی خەڵکەکە بدرێت ئەگەر حکومەتی سوید بریارەکەی جێ بەجێ کرد ، ئەویش لە رێگای خرج کردنی پارە کە بتوانن بە لای کەمەوە زەرەرو زیانەکانیان پر بکاتەوە !. بۆ نموونە زوربەی ئەو کەسانە کە گەیشتوونەتە سوید هەرچیان هەبووە لە دەست داوە.

نوێنەرانی هەردوو کۆمەڵەکە لە گەڵ بەرپرسەکانی " کەمپی فلێن " پێك هاتن لە سەر ئەوەی یارمەتی ئەو ژمارە خەڵکە بدرێت و، لە گەڵ یەکتر هاوکاری بکەن.

بریارەکەی حکومەتی سوید تۆپزی (ئیجباری) نییەو، هەر کەس بۆی هەیە پاش تێپەربوونی ٤ ساڵ جارێکی تر داوای پەنابەرێتی بکات. لەو ماوەیەدا کەس لەو خەڵکە بۆی نییە کاری سپی بکات ، یان خانووی تایبەتی وەربگرێت و، هەروا مووچەیەکی " مەعاشێکی " کەمی دەدرێتێ.